# به یادی پیاوێك سافتر له ئاوی كانی

## غەفور ساڵح عەبدڵا

ئەی ناسك تا من مابم ، تا هەڵبەستی من بمێنیٚ
جوانیت لەیاد لە هەڵبەستما ئەمێنیٚ.
—ئیحسان فوئاد—

بەیادی پیاوێك هێندە ناسك وجوانپەرست کەوەکو خۆی جارێکیان بۆی گێڕامەوە، چیرۆکێکی بیانی خوێندبووەوە یەك هەفتە مەست وکاسی کردبوو ، بێگومان من بەر لەو ئاوهام بەسەر هاتبوو، چیرۆکەکەش ناوی (ئەو سەگەی خوای بینی) بوو.
لە گۆڤاری (القصە) ی توونسی بلاّو کرابووەوە، دەیان بەسەرهاتی ئاوهای ئەم دڵە گەورەیە،
بۆیە زۆرجاریش سووکە گلەیی لیٚ دەکردم بۆ دیار نیم تاوەکو دابنیشین باسی دنیای چیرۆك بکەین ، نەك شیعر.
بێگومان شیعرەکانی هێندە بە سۆزو ناسك بوون هەر بۆ دەنگە بەسۆزەکەی گۆڕ پڕ لە نوورەکەی (جەلال کۆچەر) هەڵبەسترابوون
هەر بۆیە زۆر لە هەڵبەستەکانی (کۆچەر)ی هەمیشە بەدبەخت کردبوونی بەگۆرانی.
لێرەدا بەم یادەوە نامەێکی بلاّو دەکەینەوە کە بۆی ناردبووم و دوا شیعری بلاّو نەکراوەی خۆی بۆ نووسیووم..

1999/9/19

برای بەرێز کاکە غەفور
رۆژتان باش
نامەکەی جەنابتانم پێگەیشت ، چی من بیٚ درێغی ناکەم.
نووسینەکانت لە رۆژنامەی (الاتحاد) دا دەبینم. چالاکیت لەم بوارانەدا باشە، زۆرم پیٚ خۆشە کە قوتابیەکی زرنگی ئوستاد بەشیری رەحمەتی، خاوەنی قەڵەمێکی بە پێزو درێژ و بەردەوام بیٚ.دەربارەی دانیشتن، لە تەك ئەوەشدا کە بەشیر وەتەنی(ئەمین کوڕەکەی جاران نەماوم و دانیشتن زۆر بەفڕ و خۆشی مەشرەب و (مختصر) نەبیٚ ، ناتوانم بەشداری بکەم ، بەلاّ م تۆ لەوانەی کە (شەریك شعوری) ، لەگەڵ مستەفا ویاران موافق کە حەز ئەکەم دیدەنیم هەبیٚ . جا بۆ ئەم مەبەستە، هەموو کەس ناتوانیٚ کۆبوونەوەو(جلسات) ی (ملزە) رێك بخات . لام وایە کاك مستەفای خۆمان هێشتا وەکو ئەوەندەی پیٚ ماوە کە (جەلسەیەکی) مێژوویی رێك بخات. بەراستی کاك مستەفا مساویە بە:

رەفیق چالاك ( ........) + عزالدین (بیٚ پرۆفیسۆری) = مستەفا

واتە ئەگەر بە پیتی لاتینی و هاورەگەزی فیزیاوی بینووسی دەبیٚ بە:

$$M = \frac{R+E}{2}$$

واتە لەووریایی و لەب لەبانی چالاك ی رەحمەتی و، بیر تیژی عیزالدینی تیادایە.
حەز ئەکەم ناو بەناو بە عەرەبی لە الاتحاد بنووسم چاوەڕیٚ بە، بەم نزیکانە (ئەمین) سوف اکتب مقال او دراسە..الخ.
ئەم پارچە هۆنراوەیەش کە خارجی (بەشیریاتە) واتە پەیوەندی بە ئوستادەوە نی یە ، بەدیاری دەینێرم ، چونکە بلاّوم نەکردوەتەوە..

(بۆ شۆخێکی چاوشین)
بە شینایی نیگاتا هاتوچۆمە
دیم، دەرۆم..وێڵم..
لەلام نەنگە کە باسێکی نەکەم
ئەم شیعرە جیٚ بێڵم
شەرم حەدی چی یە هەستم
لە تاو و تینی بیٚ بەش کا
کە من جوانی پەرستی وا لە خوێنماو
خاوەنی وێڵم ..(*)

تەمەن وا هەڵکشا داخەکەم
بازوم سڕ و سستە
مەلەم پیێ ناکریێ لەم گێژەدا
بۆیە وەکو گێلم..

ئیتر خۆشیتان
برای دڵسۆزتان
احسان

---

(*) مەبەست –وێڵم– رێگایە بەتورکی( واتا خاوەنی رێگام)